# نمایشی (ئینستالیشن) لە مێزگردێك دا



سەرمەدی ناوی نمایشێکی هونەری (ئینستالیشن)ە، کە نزیکەی ٢٠ لاوی شێوەکار لە هۆڵەکانی مۆزەخانەی ئەمنەسوورەکە لە مانگی ئازاری ئەمساڵدا نمایشیان کردن، ئەم پرۆژەیە دووەمین قۆناغی کارکردنی ئەم گروپەیەو لە نێوەندی هونەریدا قسەوباسێکی بەدوای خۆیدا هێنا، بۆ زیاتر تیشك خستنە سەر نمایشی سەرمەدی، گۆڤاری ئایندە لە مێزگردێکدا هەر سێی شێوەکار (شێرکۆ عەباس، سۆران رەفعەت، شیروان فاتیح) میوانداریکردو دەمەتەقەیێیەکی بەرفراوانی لەگەڵدا سازکردن، ئەمەی دەیخوێننەوە پوختەی ئەو گفتوگۆو مێزگردەیە...

**سازکردنی: کامەران سوبحان**



***: یەکێک لەو ڕەخنانەی ئاراستەی ئەم ئیشەی ئێوە دەکرێت ئەوەیە کە ئەمجارەو ئەم نمایشەتان زۆرو بۆریی پێوە دیارە، لە چاو پرۆژەی پێشوترتاندا، ئەمجارە ژمارەی هونەرمەندەکان زۆرترن، بەڵام جۆرێك لە پەرشوبڵاوی بە کارەکانەوە دەبینرێت؟**

**سۆران ڕەفعەت:** ڕەنگە ئەم قسەیە حەقیقەتێکی زۆری پێوە دیاربێت، ڕاستە ئێمە لە رووی ژمارەوە ئەمجارە زۆرترین لە جاری پێشوو، بەڵام ئەمەش سروشتی کارکردنی هاوبەشە، ئێمە هەموومان پێکەوە کارمان کردووە لەپێناو چەمکێکی دیاریکراو، کە ئەویش لە ژێر تایتڵی (سەرمەدی)یە، کە ئەویش خۆی لە پانتایی (ئایین)دا بینیوەتەوە، ڕاسترە بڵێین کاریگەرییەکانی ئاین لەسەر کولتووری مرۆڤایەتی بە گشتیو تاکی ئەم وڵاتە بەتایبەتی، هەرچی پەیوەست بە پرسیارەکەی تۆشەوە ئەو زۆروبۆرییە ڕەنگە پەیوەست بێت بە خەیاڵو پراکتیکەوە، ئێمە کە دانیشتینو قسەمان لەسەر پرۆژەکە کرد، زۆرێك لە بەشداربووان بە سکێچو خەیاڵ ئیشەکەیان کردبوو، بەڵام کە گەیشتە سەر جێبەجێکردن بۆیان جێبەجێ نەدەبوو، بەبڕوای من ئەو زۆروبۆرییەش لەوێدا دەردەکەوێت، ئەمە جگە لەوەی لەم پرۆژەیەدا چەند کەسێك قسەکەرو چەند کەسێك گوێگرو جێبەجێکار بوو، بێگومان ئەمەش بۆشاییەکی تری ئەم کارەیە.

**شیروان فاتیح:** دەمەوێت پێشتر من ئەوە بڵێم کە ڕەنگە ئەم ئیشەی ئێمە وەك دەزگا نەکرابێت، ئێمە کۆمەڵێکین ڕەنگە ئاستی بیرکردنەوەمان لە یەکەوە نزیك بێتو کارمان بۆ ئەم پرۆژەیە کردبێت، سەبارەت بەو پەرشوبڵاویش کە باس دەکرێت، ڕاستە ئێمە لەژێر تایتڵێك کارمانکردووە، کە (ئاین)ەو کاریگەرییەکانی ئەو ئاینە لەسەر کولتوورو مرۆڤ، بەڵام دواجار هەریەك لەو هونەرمەندانە ئازادبووە کە چۆن بەفۆڕم و بەرهەمەکەی، بەبڕوای من، ئەو شتەی کە باس دەکرێتو ڕەخنەی لێدەگیرێت ڕەنگە لەم پانتاییەدا بێت، بەڵام کرۆکی ئیشکردنەکەی ئێمە باس لە قورساییەکانی ئاین دەکات کە لە هەموو قوژبنێك دەسەڵاتی باڵای هەیە، ئێمە باسمان لە ئاین کردووە وەك پەیام نەك ئاینزاکان، بۆیە بەبڕوای من پەرشوبڵاوییەکان بەپێچەوانەوەیە، بەڵکو خاڵی هاوبەشو بیرۆکەی هاوبەش زیاتر جێگەی سەرنجە.

**شێرکۆ عەباس:** ڕاستە ئەم پرۆژەیە لە چاو پرۆژەی ڕابردوودا لەڕووی فیزیکییەوە جیاوازەو لە دوو قۆناغدا کراون، بەڵام پێم وایە ئەمە تەواوکەری نمایشی پێشوومانە، ئەوەی سێیەمیش کە بەدوای ئەمدا دێت تەواوکەری هەردووکیان، سەبارەت بەو ڕەخنەو گلەییو سەرنجانەی خەڵکیش، من بۆ خۆم پێم وایە ئەمە بەشێکە لە نەمریی نمایشەکەی ئێمە، لەبەر ئەوەی ئێمە هەنگاوێکمان نا بۆ قسەکردنێکی پرۆژەئامێز بەدەر لە یادە باوەکانی وەك ئەنفال و هەڵەبجە و کارەساتەکانی تر، ئێمە هاتین باسمان لە کۆمەڵێك چەمکی تر کرد، کە بە بڕوای ئێمە کاریگەرییەکانی زۆر زیاترن لە کاریگەرییەکان ئەو کارەساتانە، کەس هەیە نکوڵی ئەوە بکات، کە ئاین کاریگەریی زیاتری نییە لەو کارەساتانە؟.


کاری تێکۆشەر نەجات

ڕاستە لە مێژووی کولتووری ئێمەدا ئەم پانتاییە هەندێجار لە رووی تێکستەوە قسەی لەسەر کراوە، بەڵام تاکو ئێستا لە رووی فۆڕمو ئەم شێوازە کارکردنە قسەی زۆر کەم لەسەر کراوە، ئێمە هاتووین لەو شوێنەدا کە کولتوورو هونەر بەریەکدەکەون بۆشاییەکەمان دۆزیوەتەوە، جا هەر کەس وابزانێت ئەم کارکردنە جۆرێك لە فەوزاو پەرتەوازەیی پێوەدیارە، ڕەنگە ئەوە گۆشەنیگای خۆی بێت بۆ بابەتەکان.

**سۆران ڕەفعەت:** ببوورە کامەران من تەوزیحم لەسەر قسەکانی شێرکۆ هەیە، ئەو باسی ئەنفالو هەڵەبجەی کرد، بەڵام لە بیرمان نەچێت ئەمانەش بەدەرنین لە کاریگەریی ئاین، ئەنفال لە ژێر چەتری ئایندا و بە پشتبەستن بە

سورەتێکی قورئان کراوە، لێرەوەیە کارکردنی ئێمە لەگەڵ ئەم شێوازە کارکردنەدا یەکدەگرێتەوە.

***: لەسەر تیشکی قسەکانی شێرکۆو هەندێ جاریش گوێمان لێدەبێت باس لەوە دەکرێت کە لەم پرۆژەیەی ئێوەدا دەسەڵاتی کارکردن و مەعریفەی شێرکۆ عەباس زاڵە بەسەر کارکردنی گروپەکەدا، ئایا ئەمە چەند لە حەقیقەتەوە نزیکە؟**

**شیروان فاتیح:** پرسیارێکی باشت وروژاند، ئەبێت ئەوە بڵێم ئەم کارەی ئێمە پرۆژەیەکی تەقلیدی نەبووە بەمانایەك کاریگەرو کاریگەرییەکی لەسەر یەکتر جێبهێڵێت، بەڵکو پەیوەست بووە بەو قسانەو بەو گفتوگۆیانەوە کە ئێمە رۆژانە پێش کارکردنی پرۆژەکە کردومانە، کە ماوەیەکی زۆری خایاندووە، رەنگە لەو گفتوگۆیانەدا شێرکۆ لە هەموو کەس مولتەزیمتر بووبێت، ئەوا بێگومان مادام مولتەزیمەو قسە دەکات بێگومان کاریگەریی دەبێت، بەدەر لە شێرکۆش هەر کەسێك لەو کەسانەی لەم پرۆژەیەدا بوون، سەربەست بووە خۆی چۆن بیرۆکەکە بەرجەستە دەکات و کاریگەرییەکانیش تەوزیفە دەکات یان نا..

**سۆران رەفعەت:** بەڕاستی منیش سەرنجێکم هەیە، دیارە لە کاتی نمایش من لە دەرەوەی وڵات بووم، ئێمە لەسەر کاریگەری زۆر شتمان وت، من ئەمەندە دەڵێم لە کاتی گفتوگۆو قسەکانی پێش پرۆژەکەدا بڕیاربوو ئەم ئیشە (پرۆژە) بێت، بەڵام دواتر بەداخەوە دەڵێم لە کاتی دەلیل و بینیندا بوو بە نمایش، بێگومان جیاوازیی زۆرە لە نێوان پرۆژەو نمایشدا. من پێم وایە، ئەو کاریگەرییەش کەم تا زۆر پەیوەندیی بەو لایەنەوە هەیە.

***: سەبارەت بە فۆرم و شێوازی دەرەوەی ئەو کوتلانەی کە ئێوە ئیشتان لەسەر کردبوون، هەندێکیان لە چەمکدا زۆر سادەن و لەگوزارشتدا زۆر راستەوخۆ بوون، ئایا ئەمە هونەرێکی راستەوخۆ نییە، کە من پێم وایە هونەری راستەوخۆ هەزیلترین جۆری هونەرە؟**

**شێرکۆ عەباس:** بەڕاستی من ناتوانم دەستنیشانی بەرهەمی هونەری راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ بکەم، رەنگە ئەمە لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر بگۆڕێت، ئەو موفرەداتەی هەریەك لەو هونەرمەندانەش کاریان لەسەر کردبوو لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت، نازانم تۆ دەتوانیت پێمان بڵێیت کامە راستەوخۆیە لە کارەکەی ئێمەدا؟ بۆمان دیارییبکەیت بۆ ئەوەی قسەکانمان زیاتر کۆبکەینەوە؟

***: بەڵێ، بەدڵنیاییەوە دەتوانم، بۆ نموونە دانانی قورئانێکی کۆن، ئەمە یەکسەر پێمان دەڵێت پەیامی ئیسلام و قسەکردنە لەسەر ئیسلام، منارەی مزگەوتێك، جگە لە گوزارشت لە ئیسلام چی مانایەکی تری هەیە؟**

**شێرکۆ عەباس:** زۆر چاکە، وایە، بەڵام وەك پێشتریش ئاماژەمان پێدا، ئەم کارانە تایبەتمەندیی خۆی هەیە، ئەو قورئانە کۆنە، پەیوەندییەکی بەهێزی بەهونەرمەندەکە خۆیەوە هەیە، قورئانەکەو هونەرمەندەکە چیرۆکێکی کۆنیان بەیەکەوە هەیە، واتە قورئانەکە هەڵگری چیرۆکێکی تایبەتییە بەباوکی هونەرمەندەکەوە، ئەو بەهەمان مانا هێناویەتییەوە بۆ ئەوەی بەردەوامی بدات بە بابەت و چیرۆك و کاریگەرییەکەی کە رەنگە لەماڵەکەی خۆیدا هەیبووبێت، ئەمە رەنگە لەگەڵ من یان یەکێکی ترمان جیاوازبووبێت، بەڵام ویستمان هەریەکە سەربەست بێت لە گوزارشت و چۆنیەتیی ئیشکردن.

**سۆران رەفعەت:** سەبارەت بە فۆرمی موباشرو ناموباشیر، من نمونەیەکت پێدەڵێم لە شانۆدا کە رەنگە تۆ زیاتر ئاگادارتر بیت لێی، بۆ نموونە لە سەرەتای راپەڕیندا زۆرجار بۆ گوزارشتکردن لە ستەمکاریی بەعس و داگیرکەران ئەکتەرێك خەنجەرێکی دەربهێنایەوە بەرزیبکردایەتەوە، ئەم مانایە زۆر سواوە بۆ گوزارشتکردن لە تۆڵەکردنەوە، بەڵام رەنگە هەمان ماناو هەمان خەنجەر لە شانۆی مۆدێرن و تازەدا پێچەوانەبێت و تەنها بەئاماژەیەك بگات، لای ئێمەش وایە، کاری ئینستالیشن موفرەدەو کەرەستەکان، شتگەلێکن زۆر نزیکن لە خۆمان لەژیانی ڕۆژانەمان، هەموومان بینیومانن، بەڵام هونەرمەند جوانکاریی و


کاری نەورۆز مەحمود




ڕێکخستنی تێدا دەکات، ئێمە لە گفتوگۆو قسەکانی پێش نمایشدا هەموومان کۆکبووین لەسەر ئیشکردن، بەڵام دواجار کە فۆڕمو بەرهەمەکان هاتنە بوون هەریەکەمان لەوی ترمان جیاوازبوو، ئەمەش سروشتی کاری هونەرییەو ڕەنگە تۆش لەمەدا جیاواز بیت، کە (هەندێ) لە ئیشەکان موباشیرن نەك هەموویان.

**شیروان فاتیح:** سروشتی کاری هونەری وایە هەندێ ئیش هەیە ڕاستەوخۆ بەرت دەکەوێتو ڕاستەوخۆ لە بەردەم بینیندا کاریگەرە، بەڵام هەندێ کاری تر پێویستی بە شیکارو تێڕامانو وردبوونەوە هەیە، سەبارەت بەو ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆییەی هونەریش کە تۆ باسی دەکەیت، من پێم وایە ئەم حاڵەتە لە دوای قۆناغی سکێچەوە دروست دەبێتو دەیکات بە واقیعو ئەیکاتە ئەو بەرهەمەی کە بینەر ببینێت، ئا لەم حاڵەتەدا هۆشیاریو باگراوندو ڕۆشنبیریی هونەرمەندەکە ڕۆڵێکی زۆری دەبێت. لەو ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆییەی کە تۆ قسەت لەسەر هەیە.

**سۆران ڕەفعەت:** من هەست دەکەم هەر چوارمان بە ڕێگەو گوزارشتی جیاواز باس لە شتێك دەکەین لەم پرۆژەیەدا ئەویش گرفتو ئیشکالیەتە، من پێم وایە بوونی ئەو گرفتو جیاوازییانە جێگای خۆشحاڵییە، بەڵگەیە لەسەر ئیشکردنو هەوڵی ئێمە، ئەو کاتە جێگەی نیگەرانی دەبوو، کە هەموومان زیاتر لە (٢٠) هونەرمەندین بەیەك شێوازو بەیەك جۆر قسەمان بکردایەو کارمان بکردایە، ئەمە جگە لەوەی ئەم قسەو بۆچوونو جیاوازییانە پێم وایە زۆر سوود بە پرۆژەی سێیەمان دەگەیەنێت، کە بەلای هەموومانەوە ئەو پرۆژەی مەبەستو گرنگییەکی گەورەی کارکردنی ئێمە، جارێکیتر ئەم جیاوازییانە پرۆژەکە دەوڵەمەندو بەرفراوانتر دەکات.

***: ئێوە باسی ئەوەتان کرد کە پانتایی (ئاین)تان هەڵبژاردووە بۆ کارکردن هەر بۆیە نمایشەکەش ناوی (سەرمەدی)ە، بەڵام بەپێ ئەو کارانەی ئێوە کردوتانە هەست ناکەن ئێوە لەبەردەم مانایەکی جیاوازدان بۆ ئاین، یان ئێوە هاتوون تەنها لە یەك گۆشەنیگاوە سەیری ئاینتان کردووە، ئەمەش بۆ خۆی گرفتە لە گۆشەنیگاو بیرکردنەوەی ئێوەدا؟**

**شێرکۆ عەباس:** ئێمە بۆ ئیشکردن نەهاتووین لەناو تێکستەوە ئیش لە ئایندا بکەین، هێندەی ئەوەی کاریگەرییەکانی ئاین بەگشتی لە سەر مرۆڤ و نەریتو کولتوورمان بینیوەو ئیشمان لەسەر کردووە بەجیاوازیی ئاینیشەوە، ئەم خوێندنەوەی ئێمە خوێندنەوەیەکە لە واقیعی ڕۆژانەی ئاینەوە نەك لە سروشتو پیرۆزیی تایبەتی ئەو ئاینە، کە هەیەو هاتووە، دواتر ئێمە پەیوەندییەکانو کاریگەرییەکانی ئەو ئاینانە لەسەر پەیوەندییەکان لەسەر پەیوەندیی ڕەگەز (کوڕ، کچ) (دایك، باوك) (ژن و مێرد)..هتد. بینیوە، ئەوە چییە وا دەکات بەڕێوبەرێك دەسەڵاتداربێتو فەرمانبەرێك بێدەسەڵات، ئەمانە هەموو ڕەنگدانەوەی تایبەتیی ئاینیو کولتووریی هەیە بە هەردوو دیوەکەدا چ پۆزەتیڤ یان نێگەتیڤ.

**سۆران ڕەفعەت:** بەڵام هەست دەکەم شتێك ماوە لەسەر پرسیارەکەی بەڕێزتو لەسەر نمایشەکەش تا ئێستا نەوتراوە، ئەویش پانتایی کارکردنەکەی ئێمەیە، ئێمە هاتووین ناوی نمایشەکە (سەرمەدی)ە، پانتاییەکەشی (کاریگەریی ئاین لە پانتایی خاکی عیراق) دایە، بۆیە هەموو ئەو کێشانەی کە ئەمڕۆ لە عیراقدا دەبینرێت ئاین کارەکتەرێکی سەرەکییە تێیدا، با سروشتی ئاینەکەش لە بنەڕەتدا وانەبێت، خۆ ئەمڕۆ بەشێکی زۆری کێشەکان لە خاکی عیراقدا لە سەر ئاینە، کێشەی مەزهەبیو کێشەی موسڵمانو نا موسڵمان بەرفراوانترین پانتایی ئەم خوێڕێژییەی عیراقی داگیرکردووە، ئەمە کرۆکی کارکردنی ئێمە بوو لەو نمایشەداو لە زۆربەی ئیشکردنەکانیشدا ئەم باوەڕو کاریگەرییە بەڕوونی دەبینرێت.

**شێرکۆ عەباس:** هەر لە سەر ئەو قسەی سۆران، ڕەنگە کامەران تۆ بپرسیت کە ئێمە بۆچی پانتایی خاکی عیراقمان هەڵبژاردووە بۆ کارکردن؟ هۆکارەکەشی، لای ئێمە ڕوونە، بەبڕوای ئێمە لەم سەدەی بیستو یەکەمەدا هەموو جیهان لە عیراقدا دەژی، ڕەنگە ئەم قسەیە زۆر گشتگیربێت، هەموو جیهان واتە بەرژەوەندییەکان.. چی وا دەکات تیرۆرستێکی ئەفغانیو میسری لەگەڵ سەربازێکی ئەمریکیو بەریتانیو

کوڕی هەریەکەیان لە وڵاتێکەوە دواجار لە عیراقدا بەریەکبکەونو ململانێی یەکتر بکەن ئا لێرەدا لەم ململانێو فەوزایە لە قوژبنێکی تاریکەوە بیرکردنەوەی ئێمە لەسەر ئەم ئیشانە دەست پێدەکات.

***: زۆر شتتان باسکرد، زۆری تریش ماوە، هەست دەکەن ئەم چیرۆکانە، ئەم تێڕوانینو گۆشەنیگایانە بە بینەر گەیشتبێتنو تیشکی ڕاگەیاندن توانیبێتی ئەم حاڵەتانە بۆ خوێنەرو بینەر بخاتە ڕوو؟**

**شیروان فاتیح:** بەداخەوە نەخێر، چونکە میدیای ئێمە لە ئاست ئەم پرۆژانەدا زۆر هەژارە، چونکە میدیاو ڕۆژنامەکان بەشێکی پەیامنێرەکانیان چۆن دێن بۆ نمایشێکی تەقلیدی ئاواش دێن بۆ ئەم کارانە، ئەمە جگە لەوەی بەشێکیان ناڵێم هەموویان هۆشیارییەکی وایان نییە نهێنیو گۆشە نادیارەکانی ئەم پرۆژانە بۆ خوێنەرو بینەر کەشف بکەن، تەنها دێت عەرزێکی ڕووکاری خێرای دەکەنو تەواو.. زۆرجاریش بەداخەوە هەندێ وەلامو تێگەیشتنی ئێمە لەناو ئەم عەرزە تەقلیدییانەدا خەفە دەکرێتو ون دەبێت.




**شێرکۆ عەباس:** بەبڕوای من کەی میدیاو ڕۆژنامەگەریی ئێمە تۆزێك لە سیاسەت دوورکەوتەوە ئەمەندە لە هونەرو پرۆژەی هونەری نزیك دەبێتەوە، کەی تۆزێك کەمتر بایەخی بە کایە سیاسییەکان دا، ئەمەندە زیاتر بایەخ بە پرۆژە هونەرییەکان دەدات، بەداخەوە دەڵێم تا ئێستاش هونەر لە کۆمەڵگەی ئێمەدا نەبووەتە بەشێك لە پێداویستییە گرنگەکانی کۆمەڵگە، هەروەك چۆن سیاسەتو ئابوری بەشێکن لەو پێداویستیانە، بۆیە ڕەنگە ڕۆژنامەکانیش نەتوانن ئەو ڕۆڵە ئەکتیڤە ببینن لە کەشفکردنی ئەو نهێنیەدا، لەم حاڵەتەدا هەموو ئەمانە دەکەوێتە سەر هونەرمەندەکە خۆی، بەڕاستی هونەرمەندیش دەتوانێت بەرهەمی هونەری بەرهەم بێنێت نەك تیۆریزە بکات، نەك وتارو لێکۆڵینەوە بنووسێت.

**سۆران ڕەفعەت:** بەداخەوە ئەمەش بەشێکی زۆری دەکەوێتە سەر پەیامنێرەکان، ئەوان دێن بۆ ئەوەی تەنها پانتایيو بەشێکی لاپەڕەی ڕۆژنامەکەیان پڕبکەنەوە عەرزێکی خێرای دەکەن، کە چەند هونەرمەند کاریانکردووە ناویان ریزدەکات، ناوی پرۆژەکەیان.. کە هەموو زانیارییەکان لە دەلیلەکەوە وەردەگرێت، تەنانەت نەیەت بۆ نمایشەکەش هەروا دەبێت، لەم حاڵەتەشدا هەموو دەکەوێتە سەر هونەرمەندەکە زانیاریی زیاتر بدات بە ڕۆژنامەنووسەکە، لە کاتێکدا پێویستە ڕۆژنامەنووسان ئەوانەی کاری هونەری دەکەنو زانیاری زیاتر بەدەست بێنن بۆ ئەوەی بتوانن زیاتر نهێنییەکانی ئەم کارانە بۆ ڕۆژنامەکەیانو بۆ خوێنەرەکانیان بخەنەڕوو.

**شێرکۆ عەباس:** سۆران جوانی وت، ناکرێت من هەمووشت بە ڕۆژنامەنووسەکە بڵێم، پێویستە ئەو توانای ئەو کەشفکردنەی هەبێت، هەر هیچ نەبێت بۆ پۆلێنکردنی بینەرەکان، من بۆ خۆم زۆرم پێخۆشە بینەرێکی ساکار بە زیهنێکی ساکارەوە دێتە ئەم کارو پرۆژانە ڕەنگە بینینی زۆر جوانتربێت لەو بینەرە نوخبەیەی کە ڕەنگە هەندێ باگراواندی دەروونيو کۆمەڵایەتی ڕێگربێت لە

بەردەم بینینی هەندێ کاری جوان‌و باشدا، بۆیە لەمەوە هونەرو بەرهەمەکەی ئێمە کەوتووەتە سەر بینین ئەو بینەرەی دێت بۆ نمایشەکە.

*** ئەم بینینەی ئێوە باسی دەکەن هەست ناکەن پەیوەستە بە تازەیی کاری (ئینستالیشن) لە وڵاتی ئێمەدا؟**

**شێرکۆ عەباس:** با.. زۆر وایە بەشێکی وایە، بەڵام ئەبێت ئەوەش بڵێم کارەکەی ئێمە زۆر لەواقیعەوە نزیکە تا کارەکانی تر، چونکە موفرەدەکان ئەو موفرەدە سادەو ساکارانەن کە رۆژانە خۆمان لە ژیاندا بەکاریان دەهێنین، دەتوانم بڵێم ئێمە زۆر واقیعیترین لە هونەرمەندانی پێش خۆمان کە کاریان کردووە.

**شیروان فاتیح:** ئێمە زۆر عەقڵانیتر بەر بینینی بینەر دەکەوین لە کاری (ئینستالیشن)دا، چونکە موفرەدەکان زۆر سادەو ساکارن‌و زووش کارلێك دەکەن لەگەڵ چاوی بینەردا بە بەراورد بەکارێکی ئەبستراکت‌و ناڕۆشن.

**سۆران:** من ناتوانم بڵێم ئینستالیشن‌و تابلۆ جیایە، بۆ نموونە ئینستالیشن لە کاری پەیکەرسازییەوە زۆر نزیکە، گرفتەکە لێرەدا نییە، گرفتەکە لەوەدایە رۆشنبیریی بینین لێرە زۆر لاوازە، چەند ئێمە رۆشنبیریی چێژبینینمان هەیە؟ چەند دەتوانین بەچاوێکی ورد ئەو کارانە ببینین‌و مانای لێ بەرهەم بێنین؟ نەك پەیوەست بێت بە کۆن‌و تازەیی ئەم هونەرە لە کوردستان.